کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

به ناوی کوردستانی گه‌وره !

ح .س. سۆران
soransa@hotmail.com

# زستانی موکریان :

ئەوا ئەمڕۆکە زستانە ، چلە گەورەی موکریانە
لە داخی سپیەتی ریشی ، فەلەک چاوی لەگریانە

زەوی ساکار و بێڕەنگە، هەوا مات و کش و مەنگە
سەرۆکی کەوشەنی سەرما ، کەوانەی دەنگی زریانە

شەپۆلی بەفری بێووچان، لە گوێی بان و لە نێو کووچان
گەمی دەنگی وەها قوم کرد ، کەل و ئاسۆ چەمەریانە

سەرنجی شووشە پە نجێرە، سەهۆلی چەشنی خەنچێرە
ئەلێی وێنەی کلاسیکن ، بەسەد پەردە لەسەریانە

قەل و قاز و مراوی و کەو ، لە ژێر قەمچی تۆفانی شەو
لەگەڵ شەختە دەسەوییێخەن ، هومێد هەر باڵ و پەڕیانە

لە گەردوونا وەک ئەستێرە ، گۆلاوی کۆڕە ئەستێرە
وها نوقمن ، لە نێو زوقما ، هەتەربێژن، مەتەریانە

وەنەوشە و لالە و مێکووک ، کە نەخشابوون بە چەشنی بووک
ئەوێستا مات و داماون ، سیپاڵی ڕەش لە بەریانە

کرێوە و بادەوە و بۆران ، سەقەت مەحشەر ئەکەن سۆران
چیا وا کاڵ و بەفرینە ، ئەلێی جی خێڵی پەریانە